**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان - عێراق**

**ژمارەی بڕیار: ٤**

**مێژووی بڕیار: ٢٠١٣/٥/٢٧**

## بڕیاری ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٣
## بڕیاری هەموارکردنی حەوتەمی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان - عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (٩٤) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٧)ی رۆژی ٢٠١٣/٥/٢٧ی بڕیاریدا بە:-

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەی (١)ی ماددەی (٥٦)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: ئەندام لەشوێنی خۆیدا بەدانیشتن قسەکانی رووبەڕووی سەرۆك دەکا، یان لەسەر ئەو سەکۆیە دادەنیشێ کە بۆئەم مەبەستە ئامادەکراو و، نابێ قسەکانی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە کە پێش ئەو قسەیان کردووە، نابێ لەبابەتەکە دەربچێت و دووجار لەسەر یەك بابەت قسە بکات، مەگەر داوا لەسەرۆك بکات، ئەگەر وای نەکرد سەرۆك بۆی هەیە وریای بکاتەوە بۆ پیادەکردنی حوکمەکانی ئەو پەیڕەوە.

**ماددەی دووەم:**

برگەی (١)ی ماددەی (٧٥)ی پەیڕەوی ناوخۆ هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە: دەنگدان بەئاشکراو بەدەست بەرزکردنەوە دەبێت یان بە بەکارهێنای ئامێری ئەلیکترۆنی، ئەگەر گومان لە بەدی هاتنی زۆرینە لە دەنگداندا کرا، دەنگدانەکە لە شێوەی خوێندنەوەی ناوی ئەندامان دا دووبارە دەکرێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

کار دەکرێت بەم هەموارکردنە لەرۆژی دەرچوونیەوە و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاّودەکرێتەوە.

**د. ارسلان بایز اسماعیل**

**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**